
سەید حەکیم داوا دەکات شەڕی سەر ئێران بوستنرێت و قەیرانەکان لە گفتوگۆ چارسەر بکرێت



بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هەڕەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لەنووسینگەی خۆی لە بەغدا پێشوازی لە بەڕێز محەمەد کازم ئال سادق بالیۆزی ئێران لە عێراق کرد و لەم دیدارە باس لە چەندین تەوەری گرنگ سەبارەت بەپێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و تاران کرا.

بەڕێز سەید حەکیم ڕوونیکردەوە کە بەدەستهێنانی متمانەی ئەنجومەنی نوێنەران لەلایەن حکومەتی عێراقەوە هەنگاوێکی گرنگە بۆ کۆتاییهێنان بەو بن بەستە سیاسییە و هیوای خواست بەخێرایی تەواوبوونی کابینەی وەزیران شتێکان باش بن، لەسەر ئاستی هەرێمی، بەڕێزیان بانگەوازی بۆ وەستاندنی تەواوی شەڕی دژی کەماری ئیسلامی ئێران و چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانەکان لە ڕێگەی دیپلۆماتی و دیالۆگی بنیاتنەر بۆت کە کەرامەت و سەقامگیری و سەروەری دەوڵەتان بپارێزێت.

سەماحەتی ستایشی بەپیل هاتنی ڕێکەوتنی گەلی عیراق بۆ بانگەوازی مەرجەعیەی باڵا کرد سەبارەت بە هەماهەنگی کۆمەک و هاوکاری بۆ هەردوو گەلی ئێرانی و لوبنانی و دووپاتی کردەوەش کە گەلی عێراق نموونەیەکی گرنگ و پێشەنگ لە یەکبوون و هاوسۆزی لەگەڵ ولات و دەست و دراوسێ پێشکێش دەکات.